کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-7-2007 0:47

**خۆر ئەگیری ... یەحیا بەرزنجی**

پێشمەرگەی دێرینی پارتی/ هەولێر

مانگی شەش بوو
لەشارەکەی چەن جار شە هید
لەشاری "ئاگر و گڕ" (1) بووم (1)
کشا م هێواشی سەرکە وتم
بۆ"ئازادی" (2) بەرێکەوتم (2)
گۆڕستا نی دەستی چە پم
یادی کرد م
گۆڕستانی شی محی د ین بوو
لای باکووری خۆر هە ڵا تی ئەم شارەبوو
بەگۆڕستانی" شە هیدان" (3) (3)
ناسرا بوو
کۆڕ، گەرم بوو
"بیست و نۆکەس " (4) (4)
هەریەك لە سەرکورسیەکی شەهیدانە
دانیشتبوو
تاجی چەتری سێدارەکانیان لەسەر بوو
تا چاوبڕکا
هەرگوڵزاری بەهە شتی بوو
کەوسەرو جەننەتەلمە ئوا
"دەنگ ئاسمانی " (5) (5)
فریشتەیە خودایی بوو
ئەو ڕوحەی زۆر بەهێمنی بانگی کردم
لاچەناگەی
شوێنی پەتی سێدارەکەی
هەر پێوە بوو
پرسیاری سەیری لی کردم
هۆش وئارامی لی بردم
هەرنە یهێشتم
لەگە لێکی نەگە یشتم
بۆ زۆریشی تا س دە ییردم
قوتابیەکی تە مەڵ بووم
هەڵسوکەوتی گەندە ڵی بوو م
وتی چیتە؟..
ئێوە ئە ڵی ی ناخوێننەوە؟
یالای ئێوە بیرچونەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆتە پەتا
ووتم خوێندن!!
تەنها بۆ بڕوانامەیە
خۆزانستیش هەر پۆشاکە
بی ناوکەیە
بەما شینی ژمارە شین
دەیبە ینە وە
بڕۆیی لێکنا!!
ووتی بۆ وا؟
هەرهیچ نەبی دیوانەکان
بخوێننەوە
وتم کامیان؟ ووتی حەمدی
بەڵی قوربان، ئیستاش تەنها
"دوعاکەی ئەومان هەیە" (6) و (6)
پاڕانەوە
باوەڕت بی گەلی کارمان" سەرەو لێژە " (7) (7)
گەلێکیشی هەر نزایەو لا لا نەوە
بۆسارێژی برینەکان
جاربە جاری بەدزیەوە
دووعاکەی ئەو
ئەڵێینەوە
وتی بێکەس، وتم لەگەڵ
"دوو دەیی و حەوت" (8) ساڵە کەیا (8)
پێچرایەوە
لەدەلاقەی کتێبەکان دانراون
چوون و لەگەڵ چوەکاندا نێژراون
ئاغاکەی ئەو جوامێرەی
بەنانەسکی گرتبوو
ئێستا بابەتێکی ترە
هەر باو شەو بۆهەمومان
دەیگرێتەوە
بۆسیراتی ئازادیمان
دەلیلە بۆ پەڕینەوە
جاتۆبڵی ی ئەمجارەیان
هەتاکو کەی
چێڵی ئاغا لە گاگەلان
نە یێتەوە؟!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وتی پەشێو
وتم بڵی "سەربازی وون" (9) (9)
گیانیکی گەرم
لاشەیەکی بی پەلو پۆ
وای برپیارە
نایەتەوە
لە هەندەران
لەپێچ و پەنای کووچەکان
هەرکەوتۆتە ژێر ریشەوە.
ئەی" حامیەی " (10) شارەکەتان (10)
کرد بەمۆزە
جومجومەکان
کارەساتە دەگمەنەکان
بۆ نەوەی نوی بلێینەوە
وتم نەخێر
مۆزەخانەی سکی تیایە
مەشرووبیش بۆ حەسانەوە
شەوتا بەیان هەر هەرایە
بەستە گەرمە و مەی خواردنەوە
مۆزە و کتێبخانە و دیوان
بوونە تە مەسخەرەی زەمان
هەریەکەو تۆزی چەن ساڵەی
هەڵگرتوە
بیرو باوەڕ یاخود راستی
هەر دیکۆ رە لەم شارانە
ئاهەنگ گێڕانە و ڕەشیەڵەك
جانەوەری ناو چێشتخانە
بەڵی گەورەم
ئەستێرەی ڕۆژگاری ئێوە پاڵە وان بوون
نەرەشێری دژە هێزی زۆرداران بوون
قەڵا کانی بەندی خانەو خەم بەزاندن
دەنگی حەقی هەژاران و چەوسا وە بوون
بەڵام ئێستا لەم ڕۆژەیا ئەوەی باوە
ئەستێرە هەر بە کۆمپانیا ناسراوە
بەڵی گەورەم لەمەیدانی سوار چاکیا
لەبری ئەسپ شتی تریان تەعلیم داوە
قوربانتم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوو کۆمپانیا بە نموونە
باکیان بڕیاری کەس نیە
کوردستانیان لەت کردوە
گیرفان گیرفان تالآنیە
بەڵی گەورەم
باسی ئاوازت بۆ ناکەم
چی لی دەکەین
ئەوەی هەزار هەن ساڵە
پێیان نەکرا
هەر بەدەستی خۆمان دەیکەین
پارەی مفت و ڕجایە زۆریان لی دەکەین
خۆمان فێری
سوورو سەماکەیان دەکەین
بەڵی گیانە
ئەم زەمانە
ئەگەر گوی لەژەنیار بگری
کەس نازانی کوردستانە
تەنها دەوارە ڕەشەکەو
دەگی پەنجەو کیسە کەیان
نوقوستانە
بە ڵی گەورەم، خۆت ئەزانی
پیاوی زل لای ئێمە زۆرن
بێستان ڕن نین، حازر خۆرن
ئەی داخانم هەرچیەك بن
هەر بەماڵی خۆمان فێرن
لەبیرم دی ساڵەکەی کە هاتینەوە
لەمالآنا جێگەی خۆمان ئەکردەوە
خانەخوی ی ئەوساو پێشتری نەبوونیمان
ئێستە ڕێگەی ماڵە کانمان نادۆزنەوە
یانازانن شەوو ڕۆژە ڕازاوەکان
لەکام تەلار لەیەکتریان دەدەینەوە
پاسەوانەکان هەموو نوێن هی ئەم دەمەن
هەژاری گشت سەردەمەکان ناناسنەوە
هەرزەوییەك ڕەواجی بی دوور و نزیك
هەر بۆ خۆمان ئاوەدانی دەکەینەوە
کەس نیە لێمان بپرسی پێمان بڵی
چیتان هەبوو ئەورۆژگارەی کەها تنەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵی گەورەم
هەروەك وڵاتەكەی ئە نفا ل
داریكەلی
وێرانەیە
یان وەك كوردستانی باكوور
پیران مۆڵگای جەندرمەیە
چوارچرا دەستی لی مەدە
هێشتا باسی قەدەغەیە
بارزانە خۆری ئەمڕۆمان
بەری سەد ساڵی ڕەنج كێشان
كەچی گەورەم لەم ڕۆژەیا
بەڵی بەڵی لەم ڕۆژەدا
هەر لە سایەی ئازدیا
لەژێر چەتری
پێشمەرگە پڕ فامەكانی
تاڵەبانی و بارزانیا
گەندەڵە كان
لە دۆلار تێر نەخۆرەكان
كۆمپانیا كان
شەریكی پیاوەگەورەكان
چاو سوردەكەن!
خۆ گیڤ دەكەن
بەتەم و مژی گەندەڵی
هەڕەشەی خۆرگیران دەكەن
ڕەوت تێك ئەدەن
عەزیزان مان زویردەكەن
خوێن خۆرەكان كەیف خۆش دەكەن
بەڵی گەورەم
ئەم گەندەڵانەهەسانن
سەرە تانی كوردستانن
هەر بەكە می كەرەی كوردی
تیغ تیژ دەكەن بێ ئامانن
جا ئەم تیغە بۆ هەرچی بێت
گرنگ نیە
گرنگ هەرئەوەیە ببڕی
با مەمەو شیری منداڵ بی
یا دەرمانی پیرەكان بی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەهەرچی یی، لەهەر کوی بی
گرنگ هەر ئەوەیە ببڕی
ئازیزەکەم کەئاوا بی
دەست لی نەدانی چاتربی
جا ئیتر چۆن ئەبڵەق نەبم
شێت و وێت و دەیری نەبم
وەك (ڕنا الحق) (11) سەر جەم هەموو (11)
بەبی دین لە قەڵەم نەدەم
یا چۆن وەکو شێخی سەنعان
ڕوو وەر گێڕم لە نەمران
داوێنی دولبەری بگرم
ئاوە و ئاو چی ڕابردوومان
ئالێرەدا..
بەڵی بەڵی، ئالێرەدا..
کەمی دەستێکی هەڵبڕی
بۆیە بی دەنگی گرتمی
هێواش، هێواش
دەستێکی خستە سەردەمی
ووتی ووسبن
ئێوە ئەمڕۆ کەئازادن
بڕۆن چاك بن
بڕۆن فریای خۆتان کەون
هەرچی بن ئێوە هەر هەون
دیارە ئەمڕۆی کوردایەتی
دژوار ترە
لەسەردەمی پاشایەتی
بڕۆن چاك بن
دەبی هەر هەموو یەك دەنگ بن
کوردستانی بژین بمرن
دەرفەت بەناحەزان نەدەن
ئەی ڕە قیب و خوایە وەتەن
بڵێنەوە و لی ی لا مەدەن
تابنا گوی قایمەکان
بەجاری تووناو توون دەکەن
ئەم قسانەی سستی کردم
کاتی بینیم
چاوەکانی نەرم نەرم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پڕ بوون لە فرمێسکی گەرم
سەری هە ڵبڕی بۆ ئا سمان
نا چار دای لە پرمەی گریان
وتی بڕۆ
تو خوا بڕۆ
زیاتر دەردمان گرمان مەکەن
سێبەری سێدارەکانمان
لی تاڵ مەکەن
توخوا بڕۆ
پریا سکە کانت هەڵگرە
هەرچەند حوزەیرانە گەرمە
پشوومەدە
هەستە بڕۆ
نە لە مەێیف، نەلە دوکان
لە هاوینە هەوارەکان
لە هیچ کوی لامەدە بڕۆ
لەناو حەوشەی پەرلەمانا
هەر لەپاڵ دار زەیتوونێکا
پشوومەدە
پریا سکەیەك دانی بڕۆ
تو خوا بڕۆ
بۆ مەزار گەی پیری پیران
لە تەنیشت کێوەکەی بارزان"مەلامستەفا"
ئەوی تریان دانی، بگری
بۆ خۆت و بۆ ئەوان، بگری
بۆ ئێمە و خۆرگیران، بگری
بۆ خۆشەویستی نیشتمان
بۆ خەباتی دەیان سا ڵە
بۆ پیرۆزی ڕێباز، بگری
بە کوڵ بگری
بەکوڵ بگری
پەراوێزەکان:
1_ شاری ئاگرو گڕ: مەبەست کەرکوکە
2_ئازادی: گەڕەکێکی کەرکوکە.
3_گۆرستانی شەهیدان: گۆرستانی شێخ مەحیەدین لەشاری کەرکوك، ئەو لایەی بیست و نۆشەهیدەکەی تێدا نێژراون.
4_بیست نۆکەس: لەساڵی 1963 لەشاری کەرکوك لەسێدارەدران.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

5_دەنگی ئاسمانی: حوسین بەرزنجی، خاوەنی ئاوازی ئەی ڕەقیب کەمامۆستا مەسعود محەمەد لەکتێبی گەشتی ژیانم بەدەنگی ئاسمانی ناوی دەبات.

6_دوعاکەی حەمدی: مەبەست لەدوعای ڕەبی موی لێبێت...

7_کاری سەرەو لێژ: ئیشارەتە بۆشیعرێ ی حەمدی. کەبۆ شێخی نەمری نووسیوە.

8_دوو دەو حەوت ساڵ/ مەبەست لەشیعرەکەی بێکەسە بیست و حەوت ساڵ..

9_سەربازی وون: شیعرێکی پەشیوە.

10_ حامیە: حامیەکەی سلێمانی، کەئێیستە پارکی ئازادیە.

11_ئەنالحەقەکەی مەنسوری حەلاج

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.